حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
کومێسیۆنی تەشکیلات

ژمارە:
ڕێکەوت: ١٣٨٧/ ٨ / ٣٠

**هاوڕێی خۆشەویست!**
**سلاوێکی گەرم!**
**وەك ئاگادارن لەم دواییانەدا پژاك رایگەیاندوە، کە شانبەشانی هێزەکانی p.k.k رووی تێکۆشانی دەکاتە تورکیە و کوردستانی ئێران بەجێ دێلێ، ئەو نووسراوەتان بۆ دەنێرین. تا لەو چوارچێوەیەدا بۆ خەڵك روونکردنەوە بدەن و بدوێن.**

# پەژاك لە گەمەیەکی سیاسیدا؟!

p.k.k بە درێژایی سالانی کارو چالاکیی لە کوردستانی تورکیە، هەوڵی داوە کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بە دەستێوەردانو بەکارهێنانی لاوانی بەهەستی ئەو بەشانە سووتەمەنیی تێکۆشانەکەی لە تورکیە دابین بکا.

لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا رێکخستنەکانی خۆی دروست کردوەو بە دەستێوەردانی نابەجێ، هەوڵی داوە هێزی خەباتی ئەو بەشانە بە ئاراستەیەکی دیکەدا ببا.

بەدوای دەستێوەردانی ئاشکراو راشکاوانەی لە چەند سالی رابردوودا، هەوڵی داوە لە ژێر ناوی جیاوازدا دەستێوەردانەکانی بشارێتەوە کە لە بەشی کوردستانی رۆژهەلات چالاکیەکانی لە ژێر ناوی "پژاك"دا بەرێوە بردوە.

بە دوای هەوڵی ژمارەیەك لە ئەندامانی "پ ك ك" کە خەڵکی کوردستانی ئێران بوون، بۆ دامەزرانی رێکخراوەیەکی تایبەت بە رۆژهەلات، ئەو هەولانە لە لایەن سەرکردایەتیی پەکەکەوە نەزۆك کرانو لە سالی ٢٠٠٣داو لە هەلومەرجێکی تایبەتدا، بە رێنوێنیو سەرپەرستیی عوسمان ئۆجەلان کە ئەوکات لە مۆرە هەرە گرنگەکانی پەکەکە بوو، لقی کوردستانی رۆژهەلاتی پەکەکە بە ناوی "پژاك" کرایەوە.

لەپێوەندی لەگەڵ دامەزرانی "پژاك"دا عوسمان جەعفەری لە یەکەمین ئەندامانی بەرێوەبەریی ئەو رێکخراوەیە لە وتووێژ لەگەڵ سایتی خۆرهەلات نیوز بە رێکەوتی ١٤ی مای ٢٠٠٨دا، دەڵێ: "ئەنگیزەی پێکهاتنی پژاك دوو شت بوو، یەکەم: کوردە رۆژهەلاتیەکان پێیان خۆش بوو لە ئیمکاناتی p.k.k کەڵك وەرگرن بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی تایبەت بە رۆژهەلاتی کوردستان، کە بە هۆی فیکری دوگمی (p.k.k)وە نەمانتوانی بە مەبەستی خۆمان بگەین. دووهەم: ئەنگیزەی p.k.k خۆی بوو کە دەیهەویست

بـه سـازكردنی حەرەكـەتێكی رۆژهـەڵاتی كوردسـتان، خـۆی لـە بەرامبـەر هـەر چەشـنە هێرشـێكی ئـەمریكا بپارێزێ، كە ئەوكات ئەمریكا هێرشی كردبۆوە سەر رێكخراوە ئیسلامییەكانو p.k.kش ترسـی هێرشـی بـۆ سەر خۆی هەبوو.

جودا لە بۆچوونەكانی عوسمان جەعفەری، پێویست بە ئاماژە بە چەند هۆی دیكەیە:

مەبەسـتی p.k.k ئـەوە بـوو، كـە دەیهەویـست لـەم دەرفەتـە تازەیـە كـەڵك وەرگـرێو لقـی خـۆی لـە كوردستانی ئێراندا دامەزرێنێو ئەم لقەی وەك كارتێك بۆ كایە سیاسییەكانی داهـاتووی بـەكار بێنـێو وزەی لاوانی كوردی رۆژهەڵات بكاتە قوربانیی مەبەستەكانی لە توركیە. هەروەك بینیمان كە لە مـاوەی رابـردوودا بەرپرسانی پژاك رایانگەیاند كە بۆ گەمەی سیاسی، رووی هێزەكانیان لە توركیە دەكەن!

لەو بارەوە كە پەكەكە وزەی رۆڵەكانی رۆژهەڵاتی بۆ گەمەی خۆی لە توركیە پێویست بوو نموونە زۆرن، بەڵام تەنیا ئاماژە بە وتەیەكی بەقەول نوێنەری پژاك لە ئورووپا بەسە بۆ دەرخستنی ئەو راستییە. شەماڵ بەشیری، نوێنەری پژاك لە ئورووپا لە لێدوانێكدا بۆ ئاژانسی هـەواڵی نـاوخۆ دەڵـێ: "زۆربـەی لاوانـی كوردی خۆرهەڵاتی كوردستان كە دێنە ناو ریزەكانی پژاكەوە، دەنێردرێنە نێو ریزەكانی هێزی پاراستنی گـەل تـا لـە بەرەكانی شەڕی دژی سوپای توركیەدا شەڕ بكەن."

دووهەم: بە قەوڵی خۆیان دەیانەویست بۆشاییەك كە لە نەبوونی حیزبە رەسەنەكانی كوردسـتاندا پێـك هاتبوو، پڕ بكەنەوە یان بـە واتایـەكی دیكە پـژاكیان بـۆ ژێرپـێ لێـژ كردنـی ئـەم حیزبانـەو بێهێزكردنیـان دەویست.

عوسمان جەعفەری لـە درێـژەی وتووێژەكـەدا دەڵـێ: "پـەژاك بـە هێزێكـی ١٢٠ كەسـی پێـك هـات، كـە ٦٠ كەسـیان خـەڵكی رۆژهـەڵاتی كوردسـتان بـوونو ٦٠ كەسـی دیكەشـیان خـەڵكی بـاكوورو باشـووری رۆژئـاوای كوردسـتان بـوونو ٩٩٪ لـەم هێـزە موخـالیفی دانـانی نـاوی "پـژاك" لەسـەر رێكخراوەكـەیان بـوون، ئـەوان پێشنیاری "بزاڤی یەكیەتیی دێموكراتی كوردستان"یان هەبوو، بـەڵام عوسمـان ئۆجـەلان كە بەرپرسـیارەتی دامەزراندنی ئەم رێكخراوانەی لە ئەستۆ بووە، قەبووڵی نەكردووەو ناوی "پژاك"ی بۆ ئەم رێكخراوەیە دیاری كردوە." كە ئەم راستییە رادەی ئازادیی ئەندامانی پژاكو سەربەخۆیی ئەو رێكخراوە دەر دەخا.

لە خەتە گشتییەكانی پێڕەوی نێوخۆ لە خاڵی سێهەم لـە بەشـی پێناسـەی پژاكدا هـاتوە كـە: "پـژاك لـە چوارچێوەی مـەبانی فەلـسەفیو ئیـدئولوژیكی رێبـەر ئـاپۆدا تێدەكۆشـێ" یـان بـە قـەولی خۆیـان پـەرە بـە ئاپۆچیەتی دەدەن!

لـە بەرنامـەو پێڕەوەكـەدا ٥ ئـەركیان بـۆ پـژاك دیـاری كـردوەو لـە ئـەركی پێنجـەم بەنـدی (هـ) دەڵێن: "پێڕەوی لە رێبازی KADEK دەكەن." كە دیارە KADEK ناوی تازەی پەكەكەیە.

بێجگـە لەمانـەش عوسمـان جەعفـەری لـە وتووێژەكـەی لەگـەڵ خۆرهـەڵات نیـوز سـەبارەت بـە HRK ( هێزی رزگاریی كوردستان كە گوایە لقی چەكداریی پژاكە) دەڵێ: "تا ئەو جێگایە منی تێدا بـوومو تـا ئـەو جێگایەی كە ئێستاكانەش لێی ئاگادار بم، شتێك بەناوی هێزی رزگاری كوردسـتان "هـ رك" وجـوودی نیـەو

P.K.K هەموو ئورگانو هەموو نەهادێکی یەکەو هەمووی لەژێر یەك مەرجەعیەت دایە، هەمووی "ه.پ.گ" (هێزی پاراستنی گەل یان هێزی چەکداریی پەکەکەیە) یانێ شتێك بە ناوی "ە. ر. ك" نیە. مەسئوولی هێزی چەکداریان تا ئەم کونگرەی سێهەمە، بە ناوی "ئامەد مەلازگەرد"، خەڵکی باکووری کوردستانەو جێگرەکەشی خەڵکی باکووری کوردستانەو فەرماندەکانیان هەموو خەڵکی باکووری کوردستانن‌و زۆر یەك لەو شەرڤانانەی کە هەن، هەموویان خەڵکی پارچەکانی‌تری کوردستانن‌و بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ قسەکانی P.K.Kدا ناگونجێت، کە هێزێکی سەربەخۆی چەکداری بە ناوی "ە. ر. ك"ش لە چوارچێوەی پژاکدا هەبێت، چونکە پژاك بۆ خۆی نەهادێکە لە نەهادەکانی P.K.Kو (ە، ر. ك)یش نەهادێکە لە نەهادەکانی P.K.Kو بەستراوەیەکی تەواوی بە "ه. پ. گ"ەوە هەیەو بە هیچ شێوەیەك جیاواز نیە".

پژاك بەشێکە لە P.K.Kو ئەمەش راستییەکە، کە لە رۆژی راگەیاندنی پژاکەوە، هێزە رەسەنەکانی کوردستانی رۆژهەڵات ئاگاداری بوون‌و باسیان کردوەو دەزانن کە پژاك نەك رێکخراوێکی سەربەخۆ، بەڵکوو لقی پەکەکەیە لە کوردستانی ئێران.

سەرەڕای ئەو راستییانەو روونبوونی واقیعییەتی پژاك، کەسانێك لە پەکەکەو بەرپرسە بەناوبانگەکەی پژاك ئەو راستی‌یەیان ئینکار دەکردو هەوڵیان دەدا کە بە سەر خەڵکدا بسەپێنن کە پژاك سەربەخۆیە!

موراد قەریلان کە گوایە ئێستا بەرپرسی یەکەمی پەکەکەیە، لە وتووێژەکەی لە گەڵ تلویزیۆنی نەورۆزدا، حیزبی دێموکراتی بەوە تاوانبار دەکرد کە بە چەواشەکاری دەڵێ پژاك سەر بە پەکەکەیەو لە باتی پژاك ئەو خۆی توورە کردبوو و دەیگوت حیزبی دێموکرات لە کۆیە دانیشتوەو رێکخراوی سەربەخۆی! پژاك خەریکی خەباتە!

یان حاجی ئەحمەدی لە وتووێژ لەگەڵ سایتی رێنێسانس دا پێی لەسەر سەربەخۆیی پژاك دادەگرتەوەو لە بەرامبەر پرسیاری ئەوەدا کە پژاك ئایا شەڕی خۆی گواستۆتەوە بۆ تورکیە، دەڵێ تەنیا کۆنگرەی پژاك دەتوانێ بڕیار لەسەر چۆنیەتیی کارو خەباتی پژاك دەر بکاو لە درێژەدا دەڵێ بڕیاری ئەوتۆ کە پژاك شەڕ لە دژی ئێران رادەگرێ‌و لە دژی تورکیە شەڕ دەکا دووره لە راستی!

رەنگە حاجی ئەحمەدی دووربووبێ‌و پێیان رانەگەیاندبێ کە بڕیاری لەو چەشنەیان بۆ داوە!

بە هەموو روونی‌و دیارو بەرچاوبوونی راستی‌یەکانەوە هەندێك کەس‌و لایەنی دیکە، دەیانگوت پژاك رێکخراوێ:ی سەربەخۆیەو کەس‌و لایەنیش هەبوون کە دەیان گوت پژاك ئەمری واقیعەو هێندێك تاقم‌و لایەنی هەلپەرەست، هەوڵی خۆ نزیك کردنەوە بە رێکخراوێکی "نەبوو"یان دەدا کە لە کۆتایی‌دا مایە بە خسار بوون!

سەرەڕای ئەو چەواشەکاری‌و پڕوپاگەندەی کەس‌و لایەنانە بەهۆی لەسەرەوەبوونی ئاگایی سیاسی خەڵکی کوردستان‌و هێندێك کردەوەی پژاك، بێجگە لە ژمارەیەك لاوی هەست پاك‌و کەم ئەزموون، زۆربەی خەڵکی کوردستان ئەم رێکخراوەیان ناسی‌و پڕۆپاگەندەکانی ئەم رێکخراوەیان بە جیدی نەگرت.

جیابوونەوەی ژمارەیەك لە رێبەرانی پژاك‌و ئەفشاگەری لەسەر چۆنیەتی پەیوەندی‌و رادەی رۆڵ‌و دەوری کوردەکانی رۆژهەڵات لەم رێکخراوەیەداو روانینێکی غەیری دێموکراتیك کە بە سەر ئەم

ڕێکخراوەیەدا زاڵە بوونە هۆی باشتر ناسینی پژاك و ڕوونتربوونەوەی ڕاستییەکان. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی گەڕانەوەی ئەندامانی پژاك بۆ کوردستانی ئێران و بەتایبەت گەڕانەوەی دوو مۆرەی سەرەکی پژاك، کە بۆ کاری چەکداری و بە مەبەستی ئامووزش چووبوونە قەندیل، ڕاستییەکان ئاشکراتر بوون. یەکەمیان کەماڵ باپیر (فەرماندە کەماڵ)، کە لە کەسایەتییە ناودارەکانی پژاك لە نێوخۆو بەرپرسی تەشکیلاتی پژاك لە موکریان بوو، کە زۆر زوو گەڕایەوە نێوخۆی وڵات و ڕاستیەکانی پژاکی بۆ هاوڕێیانی باس کرد. دووهەمیان خوێندکارێك بەناوی "محمد امین زادە" بوو کە خۆی بە پژاکییەکی موخلیس داناوە، بەڵام کاتێك ڕۆیشتوە بۆ قەندیل و لە نزیکەوە بارودۆخەکەی بینیوەو لە ڕاستییەکانی پژاك تێگەیشتوە، گەڕاوەتەوەو خەڵکی لە دیوی ناوەوەی پژاك ئاگادار کردۆتەوە.

جیددی نەگرتنی پژاك لە لایەن خەڵکەوە بەتایبەت لەم دواییانەدا بە باشی دەر کەوت. پژاك لە بانگەوازێکدا بۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی١٤ی خەزلۆەری ٨٧، داوای لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد، کە بۆ لاچوونی بەقەول ئەشکەنجەی سەر ئۆجەلان، مان بگرن و دووکان و بازاڕەکان دابخەن، کە بە پێی زانیاریی دروست، تەنانەت یەك دووکانیش بۆ ئەو مەبەستە دانەخراوەو بەم چەشنە خەڵکی کوردستانی ئێران وەڵامی "نا"یان بە پەژاك داوەتەوەو ئەمەش وەڵامێکی ڕەدی دیکەیە بۆ ئەوانەی پێیان وابوو کە پژاك ئەمری واقیعە.

پژاك لە هیچکام لە نووسراوەکانیدا ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نەکردوە، لە لایەکی دیکەوە لە کاتی تێکهەڵچوونەکانی لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا نەخۆشەکانی کونگرەی گەل کە پژاك بەشێکە لەم ڕێکخراوە، لە شارەکانی ورمێ و تەورێز و تاراندا بەستەری دەکران و بە ڕۆژی ڕووناك و لەبەر چاوی خەڵك ئازووقەو پەتوو ڕایخیان لە پەنا هێزەکانی ڕژیم بۆ دەگوازرایەوەو هێزەکانی ڕژیم خۆیان لێ گێل دەکردو تەنانەت لە هێندێك شوێنیشدا هێزەکانی ڕژیم بە خەڵکی گوندەکانیان ڕاگەیاند کە نان و پێخۆریان پێ بدەن، بەو مەرجەی خۆیان نیشان نەدەن. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە بێجگە لە سازانێکی نهێنی و هێندێك سات و سەودای پشتی پەردە، کە نەفەراتی خوارەوەی پژاك و تەنانەت مۆرە سادەکانی کۆماری ئیسلامیش لەم سات و سەودایە ئاگادارنین، دەتوانێ چ شتێکی دیکە بێ.

بە هەموو ئینکارکردن و ڕەتکردنەوەی حاجی ئەحمەدی و کەسانی دیکە، بڕیار بۆ پژاك درا کە بە قەول شەڕی لەگەڵ ئێران ڕابوەستێنێ و شەڕی بگوازێتەوە بۆ تورکیەو شانبەشانی هێزەکانی P.K.K لە دژی دەوڵەتی تورکیەشەڕ بکا، بەو بیانوویە کە تورکیە لە قەندیل هێزەکانی پژاکی بومباران کردوەو نەتەوەکەمان لە باکوور لەژێر گوشاردایە، کەوابوو ئەولەویەتی شەڕ دەگوێزرێتەوە بۆ کوردستانی باکوور، لەم بارەیەوە ئەندامی کونسەی ڕێڤەبەری کوما جڤاکێ کوردستان K.C.K "بڕیار گاباری" ئاماژە بەوە دەکات، کە گەریلاکانی پژاك، شەڕیان بە دژی ئێران ڕاگرتوەو ئێستا لەگەڵ P.K.K بەرەیەکی شەڕیان پێك هێناوە لە دژی تورکیە.

گاباری لە درێژەی وتووێژەکەی لەگەڵ ئاوێنەدا دەڵێ: "کوردیش پێویستە گەمە لەنێو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا بکات، بۆ ئەوەی هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی خۆیدا بپارێزێت، ئێمە پێویستە

بزانین بە پێی بەرژەوەندییەکانمان هاوسەنگیو گەمە بکەین".

گواستنەوەی هێزی پژاك لە بەناو شەڕ دژی ئێران بەرەو شەڕ دژی تورکیە پیشاندەری چەند راستییە: یەکەمو لە هەموان گرنگتر ئەوەیە کە پژاك بەشێکە لە هێزی P.K.Kو پەکەکە چۆن بە مەسڵەحەت بزانێو لە کوێ پێویست بێ بەکاری دەبا. ئەو هێزو لایەنانەش کیسەیان بۆ پژاك هەڵدووریبوو تا لەگەڵی بکەونە هاوپەیمانیەوەو بە واقیعی گۆڕەپانی کوردستانیان ناو دەبرد، کیسە بەتاڵ مانەوە.

بۆ هۆکارەکانی دیکەش دەتوانین ئاماژە بە قسەیەکی فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانی بکەین.

فەرید ئەسەسەرد لە وتووێژ لەگەڵ کوردستان راپۆرت دەڵێ: " ئێستا پەکەکەو کۆماری ئیسلای رێکەوتون کە پژاك هەڵوەشێننەوەو یا خود کارەکانی پژاك هەڵپەسێردرێن، بە جۆرێك کە وەك رێکخراوەیەکی سەربەخۆ کار نەکا، هەروەها هیچ چالاکییەکی لە ناوخۆی کوردستانی ئێراندا نەبێ."

فەرید ئەسەسەرد لە درێژەدا دەڵێ:" کاتێك کە پەکەکە رازی دەبێت پژاك هەڵوەشێنێتەوە، بەرامبەر بەوە دەتوانێت پشتیوانی ئێران لە دژی بەرنامەکانی هەرێمو دژی بەرنامەکانی تورکیە بەدەست بێنێ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەکەکەو ئێرانیەکان لێك نیزیك ببنەوە."

تێکۆشانی پژاك لە ماوەی ٥ ساڵ پێکهاتنی تا ئێستا دژایەتی کردنە لەگەڵ رێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستانی ئێرانو بە کەم گرتنی ئەم خەباتە بە ناوی کەمپ نشینیو دەیان قسەی بێسەروبەرەی دیکە. ئەم سیاسەتە لە وتەکانی حاجی ئەحمەدیی بەناو بەرپرسی یەکەمی پژاکەوە بگرە تا هەر کام لە ئەندامەکانی رەنگی داوەتەوە. لە کاتێکدا ئەم رێکخراوە کە لقی P.K.K بۆ رۆژهەڵاتی کوردستانە، تێکۆشانەکەی لە چوارچێوەی دیفاع لە بەڕێز عەبدوڵلا ئوجەلاندا قەتیس مایەوە، ئیتر مەسەلەی کوردیش بەسترابووە بە ئازادبوون یا نەبوونی ئوجەلانەوە.

سیاسەتی دەستێوەردانی پەکەکە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، بێجگە لە بەفیڕۆدانی هێزی رۆڵەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا، ئاکامێکی دیکەی نەبووەو ئەم جارەش کە لە گەمەیەکی سیاسیدا لقی رۆژهەڵاتی لە راستیدا هەڵوەشێنرایەوە، هیوادارین کە لە داهاتوودا ئەزموونی لەو چەشنە دووپات نەکاتەوە.

کومێسیۆنی تەشکیلات

١٣٨٧/٨/٣٠